دوای 14 ڕۆژ، مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران لە سلێمانی کۆتاییهات

دوای 14 ڕۆژ، مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران لە سلێمانی کۆتاییهات و مانگرتوان دەبرێنە نێخۆشخانە و چارەسەری پێویستیان بە دەکرێت، ئەوان دەڵێن، لە ژێر فشاری هیچ لایەنێکدا مانگرتن ناشکێنن بەڵکو لەسەر داوای هاوڵاتیان بڕیارەکەیان داوە.

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سەدان هاوڵاتی لە شاری سلێمانی چونە لای بەردەم خێمەی مانگرتوان و داوایان لێکردن کە مانگرتن بشکێنن، دوای تاوتوێکردنی پێشنیارەکە لە ژێر خێمەی مانگرتوان بڕیارەکە ڕاگەیەندرا.

مانگرتوان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند، "بڕیارماندا مانگرتنەکەمان هەڵبچەسێرین، ئێمە بەپێوەین و ڕۆگەی دیکە دەگرینەبەر، ئەوانەی پێیانوایە دەتوانرا کاری دیکە بکرێت دەتوانن بیکەن و لایەنەکان دەتوانن پەرلەمانتاران بنێرین و لە پەرلەمان مانگرتن ڕابگەیەنن".

بڕیارەکەی مانگرتوانی سلێمانی دوای 14 ڕۆژ مانگرتن لە خواردن و خواردنەوە هات کە لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری سلێمانی خێمەیان هەڵدا، داوای

موچەکانیان و باشکردنی دەخی ژیانیان دەکرد.